www.kurdistannet.org
13-2-2006 13:54 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئاسۆ... دیلان!! فرمێسکی بۆ گروپی تەوەکەلتوعەلائەڵا رشت!!! .. ئامانج عةبدولاَ سوور

ئاسۆ ناوێك ئاگری سۆزی یادی جاران ونەفەسی پرلەئیمزا هەڵگرتووەوبەپێوانەی خۆی زۆر ئەکادیمیە لەبارەی میوزیکەوە رەوانیە لەوبترازی کەسی بدوی وەڵامێکی کاڵ وکرچی داومەتەوە، کەتیای دا بەرگرییەکی کوێرانە لەتیپی ئینشادی جاران وسەمفۆنیای ئێستای عێراقی ئەکات وپاساو بۆ ئەومارەبرینەی میوزیکی کوردی وعێراقی دێنێتەوە کە لەهۆڵی پێشمەرگە بەرێوەچوو، ئەگەرچی بریارم داوە هەرگیز وەڵامی ئەوپیاوە ترسنۆکانە نەدەمەوە کەناوێرن ناوی خۆیان ئاشکرا بکەن وکەوتونەتە وێزەی بابەتەکانی من چونکە خاوەنی فایلکن تابینە قاقا رەش وزخاوە بە بەعسیزم وەك خەسە بەلەسە وحەمەرەش ناوێك کەبەرگری لەخورما ئەکەن بەبی وەڵامدانەوە ئەوەی ستایشی منەو پامالْکردنی رووی قێزەونی ئەم بەعسی وجاشانەیە کە بە ووشەی کوردایەتیهەراسان ئەبن، بەڵام هەڵبەت کاك ئاسۆ لەم زومرەیە نیە وبەناوی خۆی وئەدرێسی خۆیەوە بابەتەکەی داگرتووە بۆیە بریارم دا وەڵامی بدەمەوە...

بەرلەوەی بێمە سەر ئەوەی وەلامی ئەم دۆستە بدەمەوە بەرەوای ئەزانم بپرسم کە کاك ئاسۆ چی بنەماڵەی مەلا ساڵح ی دیلانە، دیارە نازناو لەخۆوە هەڵناگیری و ئەمەش لەرووی یاسایی یەوە سزای خۆی هەیە، دیارە هیچ کەس بۆ نیە نازناوی هونەرمەندان بکاتە ئافتەر بۆ خۆی، ئەمەش نازناوی دووهونەرمەندی ئازیز وکۆچ کردووە بۆیە گەر روونکردنەوەمان نەدەیتی لەوبارەوە دوورنیە لایەنی یاسایی نەگرینە بەر گەرلەهەرسوچێکی ئەم دنیایەدا بژیت ئەبێت بۆم ساغ کەیتەوە تۆ کێی وانازناوی دیلانت بەخۆتەوە کردووە، دڵنیابە من لەمە بی دەنگ نابم!!ئەوجا بابێینە سەر وەڵامی تۆ:

١٥ساڵ لەمەوبەر کەسەرکردایەتی کوردی کەوتەدیالۆگ لەگەڵ رژێمی داگیرکەردا ئەوکات رایان گەیاند کەبەسەر دەریایەك خوێندا ئەپەرنەوە بۆ بەغا، ئاخر دەیانزانی نێوانی ئێمە وبەغدا دەریایەك خوێن ولاشەی هەزران بی تاوان وئێسکی ئەنفال و بۆنی سیانیدە، بەراست ئەم برینەی ئێمەی کورد لەگەڵ عارەب وتورك وفارس نەچوتە سەر ئێسقان؟؟وەڵامی لای بەعسیەکان هەڵبەت بەنەخێرە وسنگ دادرینە بۆ برایەتیە فروفیشاڵەکەی کوردوعارەب!!جا من هیوادارم تۆش ئەبو ئیمزا نەبی وا جەرگت براوەوکەوتویتەتە وەڵامدانەوەی من وتیپی ئینشادی دوێنی وسەمفۆنیاوئۆرکێسترای عێراقیمان لی بکەیتە فریشە، ئەگەر ئەودەمەی لەبەغدا ئەتخوێند بیرت چۆتەوە کەئەم فیرقەیەبوو سرودی تەوەکەلت وعەلا ئەڵا ی چری بۆ سەدام بابیرت بێنمەوە ئەمە ناونیشانی ئەوپرۆسە بۆگەنەی ئەنفال بوو کە ١٨٢هەزارکوردی بی سەروشوێنکرد وئەوانیش گۆرانی وهەلهەلەی سەرکگەوتنیان بۆلی دا ئەم تیپە هەرئەم زومرەیەن و ئێستاش عەدنان قەیسی کەمە!!!شەریفی ئەم تیپە کازم ساهیربوو ئەوپیاوەی لی دەرچوو کەزمان هەڵدێنی بۆگەنی بەرامبەر بەکورد مرۆڤ قاڵس ئەکات!!بڵێی ئەمان لەوان پیاوتربن؟لای کاك ئاسۆ لەوانەیە...

گروپی تەوەکەلت وعەلائەڵا گروپی عەفلەقیەکانە ئەوەی بەسوکایەتی پی کردنیان نیگەرانە هەرئەبوئیمزاکانە، من هیوادارم تۆش وانەبی بەتایبەتی ئەوساڵانەی لەبەغا بویت لەژێرباری بەعسیەکاندا ئیمزایەکی کاڵت نەکردبی لەچاوت کاڵتر، هەرچەند من باوەر ناکەم تۆ وابیت!!

دواتر دێتە سەر بابەتەکەی من وخۆیمان لی ئەکات بەبتهۆڤن جاری بەرلەهەموو شتێك من زۆر گوی لەگۆرانی ئەگرم بەلاَم یەك نۆتەش نازانم بژەنم کەچی تائێستا ناوی تۆم بەرگوی نەکەوتووە ئەری کاکە ئاسۆ تۆخاوەنی چەند پارچە میویزکی؟؟؟

من کەهەلی ئەوەم نەبووە لەمیوزیك بزانم بەمافی هەموو کەسێکی ئەزانم لەسەر میوزیك بدوی ئاخر میوزیك خۆراکی مرۆڤە وبەشێکە لەرۆح ولەگۆشت وخوێن ئەری نیتشە خۆ مایسترۆ نەبوو چی لەسەر میوزیك نەنوسی؟؟

بەلاَم من داوای لی بوردن لە پرۆفیشنەلاَنی ئەم بوارە ئەکەم گەر هەلَەیەکم هەبی!! ئەوەی من نوسیومە هەر لەوروانگەیەوەیە کەنیگەرانم بەعسیەکان بێن لەکوردستان ئاوازبژەنن بۆمان کاکە گیان ئەمە جیهان بینی نیە لەمیویزکدا دوژمن بێنیتە مالَەکەی خۆت ئەودوژمنەی گولەی پێوەئەنایت ئەمرۆ سەمات پی بکات!!

قینی تورکیاویۆنان رقی چوار سەدە لەمەوبەرە قەت بیستوتە لەیۆنان میوزیککاری تورکی کاری ژەنیاری بکات لەوەش زیاتر لەو ولاَتە قەدەغەیە تەنانەت گوی لەمیوزیکی تورکی بگرێت، نازانم بۆژچ لای ئێمە شەرم بێت نەتەوەیی بین؟خۆ لەیۆنانیەکان زیاتر نین کەخاوەنی فەرهەنگی فەلسەفەن خاوەنی ئەفلاتۆن وسوکرات و... هتد

بولگاریەکان لەسالَیهەشتاکاندا بەبەرچاوی هەموو دنیاوە ناوی زیاد لەپەنجا هەزار هاوولاَتیان لەتورکیەوە کردە بولگاری شەرم نەبوو بەلاَم بۆ کورد شەرم ئەبی بلَێین بائەوانەی ئەنفالیان کردوین گۆرانیمان بۆنەلَێن بۆمان نەژەنن، باوباپیرانمان لەخۆررا نەیانوتووە حاشا لەشیری حوشتر ولەدیاری عارەب!!خۆ ئەودەم ئەنفالیش نەبووە....

دواتر ئەلَی کی ئەلَی ئەمە سەفۆنیا بووە کاکە گیان من ئەوەندەی بزانم لەهەر گروپێکدا ئالەتەکانی وەتەری وئیقاعی وهەوایی کاری کرد ئەبێتە سەمفۆنیا دیارە بەوژمارە زۆرەی کەبینرا مەبەستمە، جا پێی سەیرە من ووتومە وەلاَمی ئۆپێرا نەبوو

هیچ هەلَە نیەو پێت سەیر نەبی برا ئاخر ئەمە هیچ داهێنانێکی نەخستە بەردەستمان کەی رەوایە تۆ لەپێشت زیاد لەپەنجاکەسەوە گۆرانی بلَێیت ولە میلۆدییەکی کلاسیکی زیاترت پی نەبی؟؟ئایا گۆرانی بێژێك ئەتوانی وەلاَمی سەمفۆنیایەکی یان ئۆرکێسترایەکی زۆرینە بداتەوە کەموسایەرەی میلۆدی بێت؟؟

کەی ئەمان بوون بە پازەرۆتی کەوتوانیویەتی بەودەنگەی خۆی وەلاَمی سەمفۆنیاوئۆپێرا بداتەوە کەپراوپرە لەهونەروتواناسازی؟؟؟

کەدێیتە سەر زەردی خەزان بالەوەش بەیادت بێنمەوە گەر ووردتر گوێی لی بگری پتر تابلۆیەکی گەورەیە لەمیوزیك کەمتر بێژەن کامگار گۆرانی دەلَێت زیاتر ژەنینی میوزیکە..

و ئنجا باسی کاك نەجات ئەمین ئەکات گوایە هەلَگری بروانامەی ماستەرە من ئەوە بەکێشەی خۆم نازانم بەلاَم پرسیارێك بۆچ لیژنەی هەلَسەنگاندنی بروانامەکان لەزانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی هونەر دانیان بە بروانامەکەی نەهێنا؟؟یان ئەگەر بەرێز کاك نەجات خاوەنی بروانەی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کوردستانە بابێت لەئینتەرنێت بلاَوی کاتەوە من ئەوکاتە داوای لی بوردن لەهەمووتان ئەکەم وئەلَێم پەشیمانم لەوەی کەنوسیومە!!بەلاَم کەخاوەنی ئەم بروزانامەیە نیە لێرە چۆن لەدەرەوە ماجستێری بۆ هێنایەنەوە؟؟ئەمە پرس هەلَئەگری پرسی گەورە هیوادارم من هەلَەبم وداوای لی بوردن بکەم..

لەوەش زیاتر تۆبیزانە مەرج نیە هەرچی کورد بوو شۆرشگێر بی هەرچی کوردێك لەسەمفۆنیای عێراقی بوو ئیتر پاساوێك بی کەخۆشمان بوێن، ئەوە هەرکورد بوو هەر

میوزیککاریش بوو کچانی فنون جەمیلەی بەپرچ رائەکێشا تالەیەوم ئەلموحافەزە گۆرانی بلێن توخوا ئەمانە گوناح نیە ناوی کوردیان پێوە بی؟؟ئەی هەر بەناوکورد نەبوو میویزکی بۆ قادسیە لی ئەدا وبەدزیەوە رەوانەی بەغا ی ئەکرد؟؟بەلام ئایا ئەمانە کوردن بەراستی یان نۆکەروجاش وئیترباشی کوا؟؟

ئەوەتا هەر بەکوردی کۆمەلێك برادەری کۆنە جاش بونەتە پارێزەری بەعسیان وبەبی بەلگەی تەندرووست پاساو بۆ خورما دێننەوە سبەیش بۆ ئالاگواویەکی عێراق دووسبەیش بۆ ریشی موبارەکی عارەب!!کاکە ئاسۆ من پرسیار لەتۆ ئەکەم ئەمانە کوردن بەراستی؟؟

دوای ئەوە بۆچ میوزیك لەهەستی نیشتمانی دابرین راستە میویزك زمانی هاوبەشی دنیایە بەلام هەلگری پەیامێکی نەتەوەییە، من پێم خۆشە لەهەموو دنیاوە ژەنیار بێتە ئەم وولاتە بەلام لەوولاتانی داگیرکەرەوە نا!!ئاخر بریندارم ئەکەن سەردەمی جینۆساید وحلکەی پێکەنینیانم دێتە گوی کەبەقەوان بۆ ئەنفالیان لیدا، ئەمرۆ ش بەسەر ئێسك وپروسکی ئەواندا هاتوون گوێیان لی بگرین؟؟

ئەوان هاتوون پارویەکیان گلاندووە کەفرمێسك وخوێنی میلەتێکی جەزرەبە پی گەیشتووە بەقوزەوقرتیان بی ونزائەکەم لێیان دەرنەیەتەوە، ئەزانم پێی نیگەرانی بەلام باکەمێك لەرووی نەتەوەییەوە ووشیار بین، لەورۆژەوەی من ئەم بابەتەم نوسیوە لەهەموو بابەتەکانی ترم ئەتوانم بلێم کاریگەر تر بووە چۆنکە هەنسکی نەتەوەیی هەموو کوردێکی خاوەن ویژدان وشەرەفی نەتەوەییە، بەتەنها پاروەقورس گلێنەکانی سەردەمی جاشان پێی نیگەرانن دیارە مەبەستم تۆ نیە، بەلام هەرچی لەخانەی کوردایەتی دا بێـت بەهاتنی ئەم ژنیارانە قالسە دەزانن هۆلی مەزنی پێشمەرگەیان گلاوکردووە ئەبی بسمیل بکرێتەوە، هەمزەتۆڤ نوسیویەتی جارێکیان دووگوندی بەپێلاوی قوراویەوە چونە مزگەوتێك داوایان لی کرا پێلاوەکنیان دابکەنن وەلامیان دایەوە بەنەخێر چونکە ئامانەبوون تۆزی داغستان لەخۆیان بتەکێنن، تۆزی پێلاوەکەیان لە مزگەوت پی موقەدەستر بوو، من کەلەدیدگای نەتەوەییەوە ئەنوسم ئەمەوێت دەنگی سبەینی بم بۆ دەولەتیکوردی نامەوێت متمانە لەسەر عێراقی نیفاق هەلچنم ئەوەی پال بەدیواری شلۆقەوە بنی خۆی لەهەرەسدا ئەبینێتەوە...

٢٠٠٦/٢/١٢

سلێمانی